کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 2:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پیرۆزبێت دارشتنی پیلانێکی تر بۆلەناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد ئەی ئەوانەی لەترئەخۆن و... (باوکی هەلۆ گەرمیانی)**

12-گەلاڕێزان-2707ك

نازانم لەکوێ وە دەست پێ بکەم بەکام ووشە دل خۆشی خوم بدەمەوە لەکام گۆڤار دا یا رۆژنامە دا یالەکام سایتی کوردی دا یا لە کام کەنالی تەلەفزیۆنی دا ئازاری دل وبرینەکانم سارێژ بکەم بەهەوالی کی خۆش بۆ کوردو کوردوستانەکەم نوسرابێ وبێتە مایەی دلخۆشی بۆ دایکی شەهیدان و هەمووکوردوستانیان؟؟؟

هەمووکوروستانیەکی دلسۆز بەخوێنی شەهیدان وخاکی کوردوستان بێ ئارام ودلە راوکێ وبێ ئاسودەیی یە لەورۆژیەی کە تورك بەنیازە ئەزمونەکەی کوردوستانی باشور تێك بدات ولەهەولی دارشتنی پیلانێکی هەتاهەتاین لەگەل ئەو وولاتانەی کە لەکاتی دابەش کردنی کوردوستاندا رۆلێکی گرنگیان هەبوە و نەیان ویستوە کە هەردەم کورد ببێ بەخاوەن ئەزمونی خۆی وەك میلەتانی جیهان بەئاسودەوی بژین وەئیستاش هەموویان بەچاوێکی دڕندانە سەیری کوردوستانی باشوور ئەکەن و نایانەوێ کوردوستان بەم شێوەیە بمێنێتەوە نەوك ببێتە بناخەیەکی پۆلایی بۆ هەمووبەشەکانی کوردوستان، وەلە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەوە هەرووڵاتێکی ناوچەکە یاخود وولاتانی دنیا لەبۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجی خۆیان لەو وولاتانی کوردی تیا نیشتە جێ بوە گەر هەر تەنگوو چەلەمەیەك هاتۆتە رێگایان یەکسەر کوردیان وەك ( (جۆکەر) ) بەکار هێناوە لەناوچەکەدا بۆئەوەی دەستەکەیان جوان بێ و کارەکانیان بەباشی بروات هەرەك ئەوەی کوردوستانیان کردبێ بە مێزی قومارو سەرکردەکانیشان کردبێتە جۆکەر بۆ بەدەست هێنانی مەبەستەکانیان وەلەدوای تەواو بوونی کارەکانیان ئەوانەی سەرمێزەکە بریاریان داوە ئیتر هەموو ئەتوانن ( (جۆکەر) ) بکوژن و وەك وەرەقەیەکی رێزلێ گیراو بەکاری نەهێنن؟، ، ..

وە هەموو کوردوستانیەك باش ئەزانێ لەوەتی کورد شۆرشی کردوە بۆبەدەست هێنانی مافەرەواکانی و نزیك بوەتەوەلەوەی کە شکستی بەدوژمن هێناوە یەکسەر دوژمن پەنای هێناوەتە بەر گفتو گۆ بۆچارەسەرکرنی کێشەکان هەتا جارێکی تر خۆی ئامادە کردۆتەوە بۆشەر و هەندێ لە نفس نزمانی ناوگەلەکەمانی هەل فریواندووە ئینجا پاشگەز بۆتەوەو دەستی کردۆتەوەبە لەناو بردنی شارو شارۆچکەی کوردوستان و پیلان دانان بۆ کوردوستانیان و شۆرشگێرانی گەلەکەمان. وەهەروەها گەر هەلێك بۆ کورد رێکەوتبێ وەك شۆرشەکەی پێشەوا لەرۆژهەلهاتی کوردوستان و شۆرشەکەی شێخی نەمر لە باشوری کوردوستان ئەوا هەموودوژمنانی کورد بەفارس وتورك وعەرەبیشەوە کەکورد بەبرای خۆی زانیوە هەولیان داوە بۆنەمانی ئەودەسەلات داریە؟؟؟

وەلەدوای سالی 1990 وە کەکوردوستانی باشوور دەسەلاتی رژێمی تیانەمابوو زۆر لەوولاتان لەبەربەرژەوەندی خۆیان هاوکاری کوردیان ئەکرد وەسنوری وولاتەکانیان لەبۆ سەرکردەکانی کوردوستان کراوەبوو وەبەبێ هیچ مەرجێ هاتو چۆی تیائەکرا، وە ( (ئەوانەی لەدوای سالی 1992رویان لەوولاتانی ئەوروپاکرد ئەیان بینی ئۆتۆمبیلی سەرکردەکان بەژمارەی عێراقەوە تا ئەنقەرە ئەهاتن) ) بەلام ئەگەر دلسۆزێ باسی ئەوەی بکردایە یانوسینێکی بنوسیایە دەربارەی کردنەوەی بارەگا بۆ میتی تورکی و اتلاعاتی ئێرانی ئەوسا یەکسەر ئەیان ووت ئەوە پیاوی بەعسە بۆیە ئەنوسێ و قسە ئەکات؟ بەلام سەرکردەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و بیری تەسکی حزبایەتی چاوپۆشیان لەزۆر کارئەکرد؟وەئەو وولاتانەش ئەیان زانی هەتا رژێمی بەعس بمێنێ کورد نابێ بەخاوەنی هیچ وە بەردەوام وەزیرانی دەرەوەی ئەو وولاتانە کۆبوونەوەیان ئەنجام ئەدا بۆ هەول وکۆششبۆ لەناوبردنی کورد؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

7-11-2007 2:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڵام دوای روخاندی ڕژێم و هاری کاری سەرکردەکانی کورد لەگەل ئەمەریکا بوە جێی نیگەرانی بۆ هەموو وولاتانی ناوچەکە بێجگە لە تورکیا و سوریاو ئێران ئەم جارەیان ( (ئەردەن و میسر و عەرەبی سعودیەو هەندێ وولاتانی تریش راست بوونەوە دژبە کورد ) ) وەزانیان کورد بۆتە خاوەن کیانێکی بەناو فیدرالی لە عێراقێکی عروبەدا وە ئەمەریکاش لەبەر بەرژەوەندی خۆی و ئارامی کوردوستان تۆزی نەرمە لەگەل کوردا، هەموو ئەو وولاتانە کەوتنە جولەجول و پیلان دانان و کۆبوونەوە و هاتوچۆکردن و وەعدو وعودبەیەکتردان و رێکەوتن نامەلەگەل یەکتردا بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی کورد ئاگاداربێ وەبۆ دل نەوایی کوردیش جاربەجاری نوێنەری کوردیان بەشدار ئەکرد لەکۆبوونەوەکان دا بەڵام ئەوەی ئەوان دایان نابوو پێشتر کۆتایی پێ هاتبوو بەڵام لەبۆ چاوبەستی سەرکردەکانی کورد ئەو کۆبوونەوانە لاوەکیانەیان ئەبەست؟ وەهیچ کارچ نەما نەی کەن بۆئەوەی زیاتر وولاتان بکەنە دوژمنی کورد ئەوەنەبێ هانی تورکیان دا کە بەهۆی ئەوەی کە ( (پارتی کرێکارانی کوردوستان) ) لەلایەن ئەمەریکاوە خراوەتە ناو لیستی تۆرۆریستەوە وەبەبیانووی ئەوەی ئیستا لەباشوری کوردستان بارەگایان هەیە باشترین بلگەیە بۆلەناو بردنی ئەم ئەزموونەی ئیستا لەباشوری کوردوستان هەیە

وەداوایان لە تورك كرد جاری لەشکر کێشی بدات بۆ سەر کوردوستانی عێراق بۆ لەناو بردنی ( (گەرێلاکانی پ.ك.ك) )

وەوولاتانی دنیایان والێ کرد کەکێشەکە زۆر گەورەتربوو لەوەی ئەوان دایان نابوو وە بە قانزاجی دوژمنانی کورد ئەبێ

هەتا کۆبوونەوەی ئەم دوایی یەی ئەنقەرە بەسترا بەبەشداری زۆرینەی وولاتە گەورەکانی جیهان و هەندێ وولاتانی عەرەب و بەبەشداری عێراقیش کەخۆی بەزمەکەی نابۆوە هەر لەکاتی چوونی ( (ئیبراهیم جەعفەری) ) بۆ تورکیا؟؟

وەلەکۆتای دا وابریاردرا بەبێ ئەوەی سەرانی کورد بەخۆیان بزانن جارێکی تر شەری براکوژی بەکورد ئەکەن وە ئەو پێشمەرگانەی سەر بە سوپای عێراقی عروبەن ئەکەونە گێژاوی شەرەکەوە هەربەناوی پاراستنی سەروەری عێراقەوە؟؟

وەدوا هەوالیش کە لە رۆژنامەی ( (شرق الاوسط دا) ) رۆژی 5-11-2707 دا بلاوبۆتەوە کە ئێران پێشنیارێکی پێش کەش بە بالوێزی ئەمەریکا لەعێراق کردوە کە دوای کشانەوەی سەربازە بیانیەکان لە عێراق دا باری ئەمنی سەران سەری عێراق بسپێرێ بە ( (تورکیا وسوریا و عەرەبستانی سعودیەو ئێران) ) واتە بەشی کوردوستان بدرێتەدوەست دووگورگ ( (تورك وفارس) ) وەئەم پیلانەش ئەبێت هۆی لەناوبردنی دەسکەوتەکانی کورد لەباشوری کوردوستان و هەلکاندنی ئەو رەگەی کە لەئیستاوە چاندراوە بۆ دروست بوونی کوردوستانێکی سەربەخۆو؟

کەواتە باهەر لەئیستاوە بلێین پیرۆزبێت لەوانەی لە تەر ئەخۆن ولەووشك ئەنوون و چاویان نابینێ و گوێیان نابیستێ و زمانیان لال بوە لە رووبەرووی ئەو پیلانەی کە بۆ کورد دارێژراوە بە سەرۆکایەتی دۆستەکانی کورد و ئەنجام دانی دوژمنانمان. و بۆ هەتاهەتایی ناهێلن جارێکی تر کوردچاوو هەلهێنێ و زمانی پاراوی بپرژێنێ و ئالای کوردوستانی شەکاوەبێ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.